Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2024.110304

# ئاراستە تیۆرەکانی جیهانگیری لە گۆڕانی پێکهاتەی خێزان (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر)

**عبدالحمید علی سعید بەرزنجی، پاکزاد نەژاد عزیز**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

لەم توێژینەوەیە توێژەر هەوڵدەدات ئاراستە تیۆرەکانی دیاردەی جیهانگیری لە کۆمەڵگەی کوردستان بەتایبەت تیشکی خستۆتە سەر خێزان و پێکهاتەی خێزان لەشاری هەولێر و ئەو کاریگەریانەی کە خێزان رووبەرووی بۆتەوە لە پرۆسەی جیهانگیریدا.

ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەم چەند ساڵەی دوایی لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە کۆمەڵگای کوردیشەوە روویان داوە بۆتە گۆڕینی پێکهاتەی سیستەمەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی خێزان، خێزانیش وەکو یەکەیەکی بچوکی بونیادی کۆمەڵایەتی لەم گۆڕانکاریە بێبەش نەبووە وە کاری کردۆتە سەر پێگەی خێزان وەبەرهەم هێنانی تاکی تەندروست لەبەر ئەوەی ئەرکی پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەکان لە خێزانەوە دەست پێدەکات بە پلەی یەکەم، بۆیە توێژینەوە لەم بابەتە گرینگی تایبەت بە خۆی هەیە.

ئینجا باس لە هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ ئەوەی بزانین تا چەند کاریگەری جیهانگیری گۆڕانکاری بەسەر کۆمەڵگەی کوردستانی دا هێناوە لەهەموو بوار و سێکتەرەکانی ژیان ئەو گۆڕانکاریانە کە دروست بوون لە ماوەی رابردوو لە هەرێمی کوردستاندا.

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتی یە لە دۆزینەوەی ئاراستە تیۆریەکانی جیهانگیری بە گۆڕانی پێکهاتەی خێزان بەمە چەند ئامانجێکی داناوە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١. ئاراستەی بەشدارانی توێژینەوەکە سەبارەت بە رۆڵی جیهانگیری لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە پێکهاتەی خێزان.

٢. پێوانەکردنی ئاراستەی بەشدارانی توێژینەوەکە سەبارەت بە رۆڵی جیهانگیری لە گۆڕانی پێکهاتەی خێزان و ئەرکەکانی.

٣. دیاریکردنی بەربەست و میکانزمەکانی رووبەڕووبوونەوە یان خۆگونجاندنی خێزان لە گەڵ تەوژمی جیهانگیریدا لە شاری هەولێر. هەروەها کاریگەری بەجیهانیبوون لەسەریان.

ئەم توێژینەوەیە باس لە بۆچونە تیۆریەکانی توێژینەوەکە کە سێ جۆر لەخۆدەگرن تیۆری تایبەت بە جیهانیبوون، تیۆری گۆڕانی کۆمەڵایەتی و تیۆری ئەرکگەرایی دەکات.

ئەم توێژینەوەیە بە ئاراستەی چەندایەتی ئەنجام دراوە کە پارێزگاری لە خواستی ئەزموونگەری دەکات ئەمەش وا دەکات توێژەر بە بێ لایەنی بمێنێتەوە کە بۆ شیکردنەوەی داتاکان سوود لە میتۆدی وەسفی شیکاری وەرگیراوە کە ئامانج لێی کۆکردنەوەی داتا و زانیاریە بە مەبەستی پۆلێن کردن و شیکردنەوەی گەیشتنە بە ئەنجام.

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received: | August, 2022 |
| Revised: | September, 2022 |
| Accepted: | October, 2022 |

**Keywords**

جیهانگیری، گۆڕانی کۆمەڵایەتی، پێکهاتەی خێزان، تیۆر

**Corresponding Author**

abdulhameed.barzinchi@su.edu.krd
pakzad.aziz@su.edu.krd

## پێشەکی:

جیهانگیری دیاردەیەکە لەیەک ساتە وەختدا یەکگرتووە و هەمە جۆرە، ئەگەر چی جیهانگیری ئاماژە بۆ شتێکی لێکچوو دەکات لە سەرانسەری جیهاندا بەڵام لە بنەرەتدا شتێکی ئێجگار زۆر هەمە لایەنە. بۆیە جیهانگیری تەنها لەیەک لایەن چرناکرێتەوە بەڵکو بەبێ ئیزنی خۆمان و دەرگا لێدان و لێپێچینەوە سەرهەڵدەدەن و دێنەژوورەوە.

بابەتی جیهانگیری و ڕۆڵی لە ماوەی نزیك بە سێ دەیەی ڕابردوودا بوەتە جێگای باس و توێژینەوەی ناوەندە ئەكادیمییەكان و لێكدانەوەو شیكردنەوەی جۆراوجۆری بۆ كراوە، لە هەرێمی كوردستانیش ژمارەیەك توێژینەوە لەم بوارەدا ئەنجام دراون. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی كە هەرێمی كوردستان یەكێكە لەو ناوچانەی كە بەخێرایی بەرەورووی جیهانگیری كراوەتەوەو ئەمەش چەندین دواهات بەدوادا دێت.

یەكێك لەو بابەتانەی كە ئەگەری هەیە جیهانگیریی ڕۆڵی كاریگەری لەسەری هەبێت، خێزانە ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی كە ڕەنگە جیهانگیریی لە ئایندە ببێتە هۆی گۆڕانی كۆمەڵایەتی لە پێكهاتەی خێزان و لەدەستدانی ئەركەكانی، بێگومان دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین كێشەو گرفت لە ژیانی كۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی لە كۆمەڵگەدا.

## باسی یەكەم: ڕەهەندە سەرەكییەكانی توێژینەوەكە:

### یەكەم:گرفتی توێژینەوە:

ئەوەی دەمانەوێت لەم توێژینەوەیەدا باسی بكەین (ئاڕاستە تیۆرەكانی جیهانگیری لە گۆڕانی پێكهاتەی خێزان)دایە. توێژەر بەشوێن ئەو پرسیارانەدا دەگەڕێت كە ئاڕاستە تیۆریەكانی جیهانگیری چین؟ لە گۆڕانی كۆمەڵایەتی خێزاندا و لە چ ئاستێكدایە، ئەو شێوازە میكانیزمەی كە كاری لە پێكهاتەی خێزاندا كردووە لەو گۆڕانكاریانەی كە بەسەریدا هاتوون لە قەوارە و ئەرك و شێوازی بەڕێوەبردن و كاریگەری جیهانگیری بەسەرییەوە چییە؟

لەم توێژینەوەیەدا بابەتی سەرەكی بریتیە لە شیكردنەوەی كاریگەرییەكانی بەجیهانیبوون لەسەر پێگەی خێزان و پێكهاتەی خێزان و ئەركەكانی كە تا چەند كاریگەری لەسەر تاكەكان و پانتایی بیركردنەوە و نەمازە تاكی ناو خێزان دەكات و، كاریگەرییان لەسەر دادەنێت.

بێگومان ئەو سەردەمەی تێیدا دەژین سەردەمێكە بە گۆڕانێكی خێرادا تێپەڕدەبێت بەهۆی ئەو گۆڕانكارییەی جیهانگیری بەسەرپێكهاتەی خێزانی داهێناوە كە زۆر بە خێرایی شتەكان دەگۆڕێن ، مرۆڤ و تاكەكان لە هەوڵدان كە خۆیان بگونجێنن لەگەڵیدا ، كە گۆڕانی ئاشكرای لەسەر خێزان و ئەركی بونیاتی دروست دەكەن ، لەبەر ئەوەی یەكەی بونیاتی سەرەكی هەر كۆمەڵگەیەک خێزانەكەیەتی بەپێی جیاوازی كەلتووری و كۆمەڵایەتی و سیاسیەوە دەگۆڕێت كە جیهانگیری كاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەرییەوە هەیە وەكو دامەزراوەیەكی ڕێكخراوەی سەرەكی كاریگەر لە درێژەی توێژینەوەكەماندا باسی دەكەین.

هەرێمی كوردستانیش وەكو هەر شوێنێكی تری جیهان بەدەر نییە لەو شەپۆلە گۆڕانكاریانەی كە لە دوای نەوەتەكانی سەدەی ڕابردوو بەسەر جیهاندا هاتن، وای كرد دۆخی خێزان و ئەركەكانی بەرەو ئاستی دیكە بچێت لەچاو سەدەی ڕابردووەوە.

### دووەم: گرنگی توێژینەوەكە:

ئەم توێژینەوەیە لە دوو ڕەهەندی تیۆری و پراكتیكیەوە (مەیدانی) گرینگی تایبەت بە خۆی هەیە :

أ_ گرنگی تیۆری :

دەبێتە هۆی پەرەپێدانی زانیاری لە بوارەكانی جیهانگیری دا و گۆڕانی كۆمەڵایەتی خێزان كە بۆ بواری كۆمەڵناسی بەگشتی و پسپۆریەكانی وەكو كۆمەڵناسی جیهانگیری، كۆمەڵناسی خێزان، گۆڕانی كۆمەڵایەتی بەتایبەتی سوودی دەبێت.

-لە ڕووی تیۆرییەوە هەوڵ دەدات پەیوەندییەک لە نێوان گۆڕاوەكانی توێژینەوەكە بدۆزێتەوە.

-توێژەر بە پشت بەستن بە میتۆدە زانستیەكان، مۆدێلی تێۆری تایبەت بە شیكردنەوەی گۆڕاوەكانی توێژینەوەكە دروست دەكات كە توێژەرانی تر دەتوانن بۆ مەبەستی توێژینەوەی زانستی دیكە بەكاری بێنن.

ب_گرنگی پراكتیكی:

ئەم توێژینەوەیە لە لایەنی پراكتیەوە چەند گرینگیەكی سەرەكی هەیە كە دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەی كۆ بكەینەوە :

دروست كردنی پێوەر (Scale)ی تایبەت بۆ كۆكردنەوەی زانیاریەكانی پەیوەست بە گۆڕاوەكانی توێژینەوەكە، كە توێژەرانی تر دەتوانن بۆ مەبەستی توێژینەوەی زانستی دیكە بەكاری بێنن. بەدەست هێنانی زانیاری لە بارەی ڕۆڵی جیهانگیری لە گۆڕانی كۆمەڵایەتی پێكهاتەی خێزان و ئەركەكانی دا، سوودی بەرچاویان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەكان بەمەبەستی دانانی پلانی كۆمەڵایەتی تایبەت بە خێزان لەشاری هەولێر دا دەبێت.

### سێ یەم: ئامانجەكانی توێژینەوەكە:

ئامانجە سەرەكییەكانی توێژینەوە بریتین لەمانە:

١. ئاڕاستەی بەشدارانی نموونەكە سەبارەت بە ڕۆڵی جیهانگیری لە گۆڕانی كۆمەڵایەتی لە پێكهاتەی خێزان.

٢. پێوانەكردنی ئاڕاستەی بەشدارانی نموونەكە سەبارەت بە ڕۆڵی جیهانگیری لە گۆڕانی كۆمەڵایەتی لە خێزان.

٣. دیاریكردنی بەربەست و میكانزمەكانی ڕووبەڕووبوونەوە یان خۆگونجاندنی خێزان لە گەڵ تەوژمی جیهانگیریدا لە شاری هەولێر. هەروەها كاریگەری بەجیهانیبوون لەسەریان.

## باسی دووەم: ناساندن و دیاریكردنی چەمكەكانی توێژینەوەكە:

### یەكەم: چەمكی جیهانگیری (Globalization) :

جیهانگیری فرە نیشانە و فرە دەرخستەیە، كە سنوور و پێناسەكانی لە دەرەوە وەردەگرێت ، هەر یەكەو پەیوەستی كردووە بە لایەنێك لە لایەنەكانی ژیان، لەسەر مانا و مەبەستی تایبەت بەدۆخێكی دیاریكراو ، بەپێی هێز و ویستی ئەو بابەتەی باس دەكرێت ، پێناسە دەكرێت. بۆیە بە جیهانیبوون لە ڕووی زاراوەیی و پێكهاتەییەوە زۆر پێناسە لەخۆ دەگرێت، وەک (گەردوونی، ئیمپریالی نوێ سیستەمی نوێی جیهانی). یان چەمكی جیهانگیری واتە (Globalization) كە لە ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، و (Globe) سیفەتی ناوی وەرگرتووە واتا (گۆی زەوی یان گەردوونی یان هەسارەیی)، (zation) ئەمەش بە واتای جیهانی (العالمیە) دێ (الهیتی، ٢٠٠٠، ل ٢٢١) و (قاسم، ٢٠٠٦، ل ٢٦).

تۆماس فریدمان پێی وایە جیهانگیری بریتیە لە سیستەمێكی جیهانی نوێ، نەک حاڵەتێكی شارستانیی نوێ بێت كە دووبارە لەسەر هەموو ئاستەكان وڵات و كۆمەڵگە و تاكەكان و بیر و باوەڕەكانیان دروست بكاتەوە. ئەو سیستەمە جیهانییە چەندین تایبەتمەندی هەیە گرنگترینیان ئەوەیە كە مەیلی بۆ

یەکخستنەوەی جیهان هەیە لە جیاتی دابەشبوونی، کە ئەولەویەت دەداتە قەبارەی بچووک و بچووکتر ، هەروەها پرسی خێرا و خێراتر ( Thomas, 1999,p 15).

**دووەم: چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ( Social Chang ):**

زاراوەی گۆڕان ( Chang ) بە واتەی: بگۆڕ و گۆڕاو ، گوازتنەوە و جیاوازی بەگشتی بریتییە لە پرۆسەی گۆڕانی شتێک لە خاڵی هاوسەنگی ئێستادا بۆ خاڵی هاوسەنگی ئامانجدار ئەمەش بەواتە: گوازتنەوە لە بارێک بۆ بارێکیتر جیاواز لەوەی پێشتر لە شوێن وکاتی دیاریکراودا (Horn, 1984,p 320)،

هەرچەندە بابەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە لایەن زۆربەی فەیلەسوف و بیرمەندان و زانایانی کۆمەڵناسی بایەخی زۆری پێدراوە، بەڵام زانای کۆمەڵناسی ئەڵمانی جۆرج زمیل( ١٨٥٨-١٩١٨) یەکەم کەس بووە گۆڕانی کۆمەڵایەتی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی گرنگ ناساند و بە هۆکاری کارلێککردنێکی کۆمەڵایەتی هەژماری کرد (البرزنجی، ٢٠٠٧، ل ٤١)، زانای کۆمەڵناسی ئەمریکی ویلیام ئۆگبرن (William Ogbern) لە کتێبەکەیدا (گۆڕانی کۆمەڵاتی) کە ساڵی ١٩٢٢ بڵاوی کردووەتەوە، بۆ یەکەم جار چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی (اسماعیل، ٢٠٢٠، ل ٨).

هەرچەندە گۆڕانی کۆمەڵایەتی پێناسەی زۆری بۆ کراوە ، بەڵام پێناسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەلایەن کۆمەڵناسی ئەمریکی ویلبێرت موور یەکێکە لە وردترین و گشتگیرترین پێناسە کە لە توێژینەوەی کۆمەڵایەتیدا بەکاردێت ، ئاماژە بەوە دەکات: چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە گشتی مانای وەرچەرخانێکی گرنگ لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەمی کەلتووری، هێما، پێگە و ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکان، بۆ ئەوەی ئەم وەرچەرخانە ببێتە گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی وەک نیشاندەرێکی بەرچاو ، نابێت بە قبووڵکردن لەلایەن زۆرینەوە سنووردار بکرێت ، بەڵکو دەبێت بە شێوەیەکی گونجاو کارلێک بکات و لەگەڵ دۆخە کۆمەڵایەتیکەدا تێکەڵی بکات ، بەو هۆیەوە ڕەگی لە کۆمەڵگەدا بگرێتەوە (Moore & Wilbert, 1968, p 365).

**سێیەم: چەمکی پێکهاتەی خێزان (Structural of Family):**

پێکهاتەی خێزان چەمکێکە زۆرجار لە کۆمەڵناسی و تیۆری کۆمەڵایەتیدا بەکاردێت ، بە واتیەکی گشتی، زاراوەکە ئاماژەیە بە:" قەوارەکان یان گروپەکان لە پەیوەندی دیاریکراو لەگەڵ یەکتر، تا ڕادەیەک شێوازی هەمیشەیی هەڵسوکەوت و پەیوەندیدایە، یان دامەزراوەکان و نۆرمە کۆمەڵایەتیەکان دەبنە بەشێکی دانەبڕاوی سیستەمی کۆمەڵایەتی بەجۆرێک کە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەندامەکانی سیستەمە کۆمەڵایەتیەکانەوە پێکدێ ( Jary, D. & J. Jary, 1991, p.3).

(بوچاردس) پێکهاتەی خێزان بەو شێوەیە پێناسە دەکات کە بریتیە: لە کۆمەڵێک کەس کە پەیوەندییەکی پتەویان لە نێواندا هەیە بۆ ئەوەی هەر تاکێک لەوان ببێت بە بەشێک لەوانی دیکە لەسەر بنەمای نزیکی و خزمایەتی و بنەمای خوێن (عبادة، ٢٠١١، ص ١٢).

دۆرکهایم، پێی وایە پێکهاتەی خێزان هەر تەنها کۆبوونەوەی سرووشتی نییە، بەڵکو دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە بە هۆکاری کۆمەڵایەتی سەرهەڵداوە، ئەندامەکانیشی لە ڕووی ئەرک ومافەوە یەکیان گرتووە (القصیر، ١٩٩٩، ص ٣٣).

**چوارەم: چەمکی تیۆر**

تیۆر بریتیە لەو ڕێسا و بنەمایانەی کە زانستە مرۆڤایەتی و سرووشتییەکان پشتی پێ دەبەستن ، چونکە هیچ توێژینەوەیەک بە پێی بنەمای تیۆری ئەنجام نادرێت ، لەم ڕوانگەیەوە تیۆر بریتیە لە چوارچێوەی هزری  کەوا کۆمەڵێک ڕاستی زانستی باس دەکات و لە چوارچێوەی زانستیدا دایدەنێ (حسن، ١٩٧١، ص ٥٢).

**باسی سێیەم/ ئاراستە تیۆریەکانی جیهانگیری:**

**یەکەم: تیۆرەکانی تایبەت بە جیهانگیری:**

ڕۆبەرتسۆن پێی وایە لایەنە سەرەکییەکانی جیهانگیری چوار لایەنە:

١_سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان Social System

٢_تاک Individual

٣_ مرۆڤایەتی Humanity

٤_ کۆمەڵگەی نیشتمانی National Sociaty

لە ڕوانگەی ڕۆژنامەنووسیی ئەمریکی بەناوبانگ (تۆماس فریدمان) لە پەرتووکەکەیدا (العالم مسطح) وا پێشبینی دەکات کە جیهانگیری لە سیستەمی نوێی جیهانیدا ناوەستێت. کەواتە توانستی دەوڵەت دژ بە جیهانگیرییە ، هەروەها فریدمان دەڵێت ئەوا باجێکی زۆری ئەو پاشکەوتنە تەکنەلۆژییە دەدات ، قەیرانی دارایی و پەراوێزخستن لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە ئەوەی دواییان بە شێوەیەکی ناچارەکی جا ئەوە بە خوایستی خۆیان بێت یان ناچاری بێت وا دەکات بخزێتە نێو پرۆسەی جیهانگیرییەوە، جیهانی کراوە لە جیهانگیری ڕێگە دەدات بە دامەزراندنی کۆمەڵگەی کراوە، هەر هەوڵێکیش بۆ داخستنی کۆمەڵگە لە پێشەوە شکست دێنێت ، ئەو جیهانگیرییە هیچ جۆرە جێگرەوەیەکی نییە ، ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی دەبێتەوە تەنیا پرسی جیهانگیری نییە ، بەڵکو چۆن پرسەکانی جیهانگیری پیادەدەکرێت بەو شێوە خێراییە ، ئایا گرنگترین ناوەرۆکی بوارەکان و خاڵە لە پێشینەکان چیین (روبرتسون، ١٩٩٨، ص ٥٧).

زانای کۆمەڵناسی ئینگلیزی (ڕۆناڵد ڕۆبرتسۆن) تیۆرێکی پێچەوانە پێشکەش دەکات لەبارەی تیۆری جیهانگیری شانبەشانی هەردوو نووسەر (مایک فیدرستۆن- سکۆت لاش) کە هەردووکیان یەک هەڵوێستی چوونیەکیان هەیە لەو پرسەدا (روبرتسون، ١٩٩٨، ص ٥٧).

ئۆگست کۆنت یەکێک بوو لەو بیرمەندانەی کە گرنگی بە پرۆسەی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی داوە و پێی وایە مرۆڤ پێویستە قۆناغەکانی خواناسی و سەرووی سرووشتی تێبپەڕێنن بەرەو قۆناغی ئەزموونگەری بە پێشکەوتووترین قۆناغی کامڵبوونی مرۆڤایەتی ناودەبات و پێی وایە لە قۆناغی یەکەم خێزان و دووەم دەوڵەت گرنگییەکی کۆمەڵایەتی بەهێزییان هەیە ، بەڵام لە قۆناغی سێیەمدا هەموو مرۆڤەکان یەکەیەکی کۆمەڵایەتیین ، (کۆنت) پێی وایە زانستی کۆمەڵناسی هۆکاری یەکسانکردنی مرۆڤە (مجدی، ٢٠٠٧، ل ٢١).

بە بۆچوونی (ڤیبەر) نوێبوونەوە هۆکاری سەرەکی بەجیهانیبوونە ، گەشەسەندنی عەقڵانییەتی جیهانی جیاوازییەکانی کەلتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی کەم و یەکدەنگی و یەکسانی زیاد دەکات ، کەواتە ئەنجامی پرۆسەی عەقڵانیەت لە هەموو کەلتوورەکاندا تایبەتمەندی هاوبەشییان دەبێت ، ئەم

تایبەتمەندییە هاوبەشانەش بریتین لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و پسپۆڕی و زیادبوونی کۆنترۆڵی عەقڵانی بەسەر دیاردەکانی سرووشتی و کۆمەڵایەتیدا (مجدی، ٢٠٠٧، ل ٢٢).

ئەو پێی وایە سێ جۆر سیستەمی جیهانی بوونی هەیە ، سیستەمەکانی بچووک و ئیمبراتۆری جیهانی و ئابووری جیهانی. ئابووری جیهانی شێوەیەکە لە سیستەمی جیهانی کە چەندین دەوڵەتی سیاسی بە کەلتووری جیاواز و سیستەمی ئابووری هاوبەش دروست دەکەن (Wallershtine, 1969; p38-39).

ئەنتۆنی گیدز (Antony Giddinz) پێیوایە بەهۆی بەجیهانیبوونەوە هەمووومان لەیەک جیهان دەژین بەوشێوازەی کە تاک و گرووپ و نەتەوەکان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر وابەستەی یەکتردەبن ، هەروەها گیدنز پێیوایە (بەجیهانیبوون بەرهەمی نوێبوونەوەیە، مێژووی گۆڕانکارییەکانی بەجیهانیبوون بەدرێژەپێدەری نوێبوونەوە وەسف دەکات، سەرەتای ئەم گۆڕانکارییانە بەدەربازبوون لەدابوونەریت بۆ نوێبوونەوە دەناسێ. هەروەها پێی وایە بەجیهانیبوون هۆکارە تاکو ڕووداوەکانی شوێنە دوورەکان کاریگەرییان بەسەر یەکتردا دەبێت (گدینز، ٢٠٠٩، ل ٧٩).

هەروەها گیدنز پێی وایە بەجیهانیبوون کەلتورییە لەگەڵ پەیوەندییەکان ئاوێتە بووە و گرنگترین هێز لە پرۆسەی بە جیهانیبوون ژیانی مرۆڤ دەگۆڕێت، بازاڕە ئابوورییەکان نییە، بەڵکو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە. گیدنز پێی وایە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەرئەنجامی پرۆسەی بە جیهانیبوونە ، کۆمەڵگە دوور لەیەکەکانی خستووەتە ژێر کاریگەری ئەو ڕووداوانەی کە لە کۆمەڵگەیەک یان ناوچەیەکی تر ڕوودەدەن و دەچنە ژێر باری ئەو پرۆسەیەوە (گدینز، ٢٠٠٩، ل ٨٢).

**دووەم/ تیۆرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی:**

گۆڕانخوازەکان کەوتنە بەر باری پرسیاری تێفکرینی فەیلەسووفان تا گەیشتە قۆناغی زانستەکانی هاوچەرخ ، کۆمەڵناسیش وەکو زانستێکی بەرپرس بەرامبەر دیاردەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەسەر دەستی بیرمەندان فراوانتر بوو، قۆناغ دوای قۆناغ لە پێداویستی لێکدانەوەی گۆڕانەکان چەندین تیۆری زانستی لە کۆنەوە تاکو ئێستا هاتووەتە کایەوە( Giddiens. Anthony,2002, p. 85 ).

تیۆری دۆرکهایم لە بارەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و دابەش کردنی کۆمەڵگاکان، ئەو فاکتەرە سەرەکیە لەبەر چاو دەگرێت کە لە پشت جوڵەی گۆڕان و قۆناغە مێژوییەکانی شارستانیەت دا لە کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی لە میانەی پرۆسەی گۆڕانی دا پێدا تێدەپەرن.

کۆمەڵگاکان بە پێی ڕێنمایەکانی دۆرکهایم لە کۆمەلگای میکانیکەوە بۆ کۆمەلگای ئۆرگانی دەگۆڕێن. بە زانینی ئەوەی کە کۆمەڵگا میکانیکیەکان بە خەسڵەتی کۆمەڵایەتی و شارستانی جیادەکرێنەوە کە جیاوازن لە کۆمەڵگا ئۆرکانیەکان. کۆمەڵگای ئۆرگانی ئەو کۆمەڵگا سادەیەیە کە پشت بە سیستەمی پسپۆڕ بوون لەکار نابەستێت کە چی کۆمەڵگای ئۆرگانی ئەو کۆمەڵگا ئاڵۆزەیە کە پشت بە سیستەمی گرێبەستی و دابەش کردنی کار دەبەستێت (حسن، ٢٠١٢، ل ٣٢٨).

گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەشێ ڕووبدات لەبەر چەند هۆیەکی جیاواز لەوانەیە گۆڕانیش خێرابێت یان لەسەرخۆ، ڕەنگە پلاندار بێت یاخود بێ پلان ، گەورە یان بچووک بێت، تیۆرە جیاوازەکان لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی دووپاتی جیاوازی شێوەی خۆی لە پرۆسەی گۆڕان دا دەکەنەوە ( Andreson, M. & Taylor, 2004, p.635).

لە تیۆرە سەرەتا و پێشەنگەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی تیۆرە کلاسیکیەکانە کە بەسەر چەند جۆرێک دابەش دەبن:

١-تیۆری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی.

٢- تیۆرەکانی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی.

٣-تیۆرەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی.

ئەمانە چەند تیۆرێکن کە زانایەکی کۆمەڵناسی بە شێوازێکی گریمانەیی بە تێڕوانینی فەلسەفی لێکدانەوەیان بۆ دەکا ، بە واتای ئەوەی لەسەر بنەمای لێکدانەوەی زانستی و تاقیکردنەوەی دروست نەبوون ، بەڵکو بریتیە لە هزرگەلێکی فەلسەفی بە شێوەیەکی گشتی. بۆ کۆمەڵگاکان بە پێی ڕەچاوکردنی کات و شوێن سەیری دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن، مرۆڤایەتی بەگشتی وەردەگرن و تاک تاک لە کۆمەڵگە ناکۆڵنەوە (چواس، ٢٠١٠، ل ٤٩).

هربرت سبنەسەر یەکەم کەس بوو تیۆری پەرەسەندنی بەسەر کۆمەڵناسیدا پراکتیزە کرد لە ساڵی ١٨٥٢ وتارێکی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی (گریمانەی پێشکەوتن) کە تیایدا تیۆری پەرەسەندنی ئۆرگانی خستەڕوو ، دوای ئەوەی بیرۆکەی پەرەسەندن خۆی لە ململانێ لەپێناو مانەوەدا دەبینییەوە (Spencer, 1988, p. 450).

تیۆرە فاکتەرییەکان و تیۆرە هاوچەرخەکان لەناو تیۆرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا کاتێک ئاماژە بە تیۆرە فاکتەرییەکان دەکرێت ، کۆمەڵێک فاکتەری تەکنەلۆژی، ئابووری، دیمۆگرافی و کەلتووری وەکو هۆکارەکانی گۆڕانکارییەکان دەستنیشان دەکەن، ئەم تیۆرانە ڕۆڵی ئیرادەیی و توانا و زیرەکی مرۆڤ لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا کەم دەکەنەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە ئیرادەی مرۆڤ و توانای زانستی و داهێنراوەکانیان ڕۆڵی گەورەیان لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا دەبێت، کۆمەڵێک تیۆری هاوچەرخ سەریان هەڵدا وەکو کۆمەڵێک تیۆری زیندووی کۆمەڵناسی، توانیان بواری فراوانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ڕوونبکەنەوە، وەکو تیۆرە وەزیفیەکان و تیۆرە نوێگەریەکان (صادق، ٢٠١٧، ل ٥).

**سێ یەم: تیۆری بنائی ئەرکایەتی**

تیۆری بونیادی ئەرکگەرایی لەسەر دەستی کلۆد لیڤی شتراوس و گۆڵدن وێزەر سەریهەڵدا، دەرکەوتنی ئەم تیۆرە پەرچەکردارێک بوو بۆ ئەو پاشا گەردانی و لاوازی پێکهاتەیی و شکستهێنانەی کە بونیاد و ئەرکگەرایی دوچاری بووبون بە هۆی ئەوەی هەردووکیان تاک لایەنەن چونکە تیۆری بونیادی کۆمەڵگا و دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بە پێ ی ئەو بەش و پێکهاتە و فاکتەرانە شی دەکاتەوە کە بونیادی کۆمەڵایەتی لآ دروست دەبێت، لەو کاتەی ئەرکگەرایی دیاردەی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەک شی دەکاتەوە دەرئەنجامەکانی بوون و چالاکی بەدوور لە بونیاد ئەو بەشانەی کە لێ پێک دێت راڤە دەکات (البرزنجي، ٢٠٠٧، ل ٢٣٤).

بۆیە تیۆری بونیادی ئەرکگەرایی سەریهەڵدا بۆ ئەوەی لە دیاردە یاخود لە ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی بڕوانێت بەوەی کە بەرهەمی ئەو بەش و یاخود قەوارە بونیادیانەیە کە لە نێوەندەکە بە دیار دەکەوێت، بۆ دەرکەوتنی ئەرکێکی کۆمەڵایەتی هەیە بە ئەرک و دیاردەکانی تر بەڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ لە بەشەکانی تری بونیادی کۆمەڵایەتی (حسن، ۲۰۱۲، ل ٦٧).

تیۆری بونیادی ئەرکگەرایی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم سەریهەڵداوە وەکو پەرچەکردارێک بوو بۆ ئەو ئاستەنگ و ڕەخنە و ڕووبەڕووی هەریەک لە تیۆری بونیاد و ئەرکگەرایی دەبۆوە. تیۆری بونیادی ئەرکگەرایی لەهەموو کۆمەڵگایەک یاخود دامەزراوەیەک ئەرکێکی هەیە یارمەتی بەردەوامی کۆمەڵگا و دامەزراوە و ڕێکخراو دەدات بۆیە بونیادی ئەرکگەرایی دان بە بونیادی قەوارە یاخود یەکە کۆمەڵایەتیەکان دەنێت (حسن، ۲۰۱۲، ل ٦٨).

تالکۆت پارسۆنز لە کتێبەکەی سیستەمی کۆمەڵایەتی دا دەڵێت هیچ بونیادێک نیە بێ ئەرکی کۆمەڵایەتی، هیچ ئەرکیش نیە بێ بونیادی کۆمەڵایەتی ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بوونی ئەم پەیوەندیە، هەرچی ئەو زانا کۆمەڵناسیانەن کە بونیاد و ئەرکیان لە تەک یەکتر توێژینەوە کردووە بێ لایەنگری ئەوانەن: ابن خلدون، سپێنسەر، پارسۆنز، مێرتۆن، مێلس، چەندانی تر .سپێنسەر لە توێژینەوە بایۆکۆمەڵایەتیەکانی باسی نێوان بەشەکانی کۆمەڵگا و تەواوکاری نێوان ئەرکەکان کردووە چونکە ئاماژەی بەوە کردووە کە دامەزراوەی ئابووری دامەزراوەی ئاینی تەواو دەکات دامەزراوەی دوای ئەویش دامەزراوەی خێزانی و خزمایەتی تەواو دەکات و بەم شێوەیە. هەروەها دەڵێت ئەرکەکانی بونەوەری کۆمەڵایەتی تەواو کەری یەکترن هەموو ئەرکەکانی دوایی خۆی تەواو دەکات (Spencer, 1967, p. 8).

پارسۆنز کە لەسەرکردەکانی تیۆری بونیادی ئەرکگەرایە لەسەدەی بیستەم دادەنرێت تیۆری کردە کە ئەدگارەکانی لای پارسۆنز خەملیووە توێژینەوەی سێ سیستەم دەکات کلتور و کەسایەتی و سیستەمی کۆمەڵایەتی دەکات، بە مانای ئەوە کە ناکرێت لە کلتور بگەین تەنها لە ڕێگەی کەسایەتی و کۆمەڵایەتی نەبێت، هەروەک ناشکرێت لە سیستەمی کۆمەڵایەتی تێبگەین بەبێ تێگەیشتن لە کلتور و کەسایەتی (Spencer, 1967, p. 9).

**چوارەم/ تاوتوێکردنی تیۆرەکانی توێژینەوەکە:**

توێژەر دوای ئەوەی بە ڕوونی باس لە تیۆرەکانی بەجیهانیبوون و گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەکات، مشتومڕی نێوان چەند بیرمەندێک دەخاتە ڕوو هەروەها بەشێک لەو تیۆرانەش دەخاتە ڕوو کە تایبەتن بە جیهانی بوون و خاڵە لێک جیاوازەکانی تێۆرەکان گەنگەشە دەکات بە تایبەت لە بواری خێزان و ئەو گۆڕانانەی کە جیهانگیری بەسەر سیستەمی خێزان و تاکەکانی هێناوە دەخاتە ڕوو.

١-تیشک دەخاتە سەر بوارەکان ، واتە ئەو بوارانەی کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری بە جیهانیبوونەوە، ئەوەی دیارە ئایین و شارستانیەتییەکان ڕۆڵی زۆریان لەم بوارەدا بینیوە و دیاردەیەکی نوێ نییە بەڵکو جیهانی هەموو بەیەکەوە گرێداوە، پەیوەندیەکان ڕۆژ بە ڕۆژ کەم دەبنەوە و تەکنەلۆژیا باڵی بەسەر بوارەکەدا گرتووە.

٢-شەپۆلی نوێ باڵی بەسەر خێزان و کۆمەڵگە و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان داگرتووە، سەرەڕای شەپۆلی بواری ئابووری و گواستنەوە بە هەموو جۆرەکانییەوە شەپۆلی تەکنەلۆژیا کە نەک هەر لە بوارەکانی ژیان تەنانەت لەناو ماڵ و خێزانیشدا باڵی بەسەر کێشاون و کەوتوونەتە ژێرکاریگەری و گەشەسەندن و گۆڕانکاری خێرای ئەو پرۆسەیە.

٣-بیرمەندان لەبارەی بەجیهانیبوون لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەو دیاردەیە لە ئێستادا گەشەی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، کە دەوڵەتە لۆکاڵیەکان بەرەو لاوازی دەچن و کەلتووری لۆکاڵی لەبەردەم لەناوچوون یان لاوازبوون دان لەجێی ئەو کەلتوورێکی جیهانی بەڕێوەیە کە هەڵگری پەیام و دنیای تایبەت بەخۆیەتی.

٤- ڕوانگە و هزری بیرمەندان بەرامبەر بە جیهانگیری وەکو یەک نیین ، هەندێک لایەنگری و پاڵپشتی ئەو گەشەسەندن و توانا ڕکابەری یە دێنێتە کایەوە لەنێو نەتەوە و کۆمەڵگەدا بە سوود گەیاندن وەسفی دەکات وەکو ڕیسێک دەیبینن، لە بەرامبەردا نەیارانی تیشک دەخەنە سەر ئەو بوارانەی کە کاریگەری نەرێنی بەجیهانیبوونیان هەیە لەسەر کۆمەڵگە و خێزان و تاکەکانی، بۆ نموونە (بەها ماددیەکان) کە دەکەونە پێش هەموو شتێک لە ئەولەویەتی تاکەکان دەبێت لەم سەردەمە گرنگی بە بەهای تر کەم دەبێتەوە.

٥-گۆڕانکاریەکان لە هەر لایەکەوە ، واتە گۆڕانکاری لە هەموو پانتایی کۆمەڵگە لە بچووکترینەوە تا گەورەترین گۆڕانی بەسەردا هاتووە لە هەڵسوکەوت و نەریت و مامەڵە کە ناتوانین کۆنترۆڵی بکەین و بە ئاسانی خوێندنەوە بۆ ئەم گۆڕانکاریە بکەین.

**پێنجەم: چواچێوەی مۆدیلی تیۆری توێژینەوەکە:**

لێرەدا بە لەبەرچاو گرتنی ئامانجەکانی توێژینەوەکەو سوود وەرگرتن لە لایەنی تیۆری توێژینەوەکە، مۆدیلێکی تیۆری بۆ توێژینەوەکە وێنا دەکەین کە دواتر لە لایەنی مەیدانی و بە سوود وەگرتن لە داتا کۆکراوەکان لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە، لەڕووی ئامارییەوە مۆدیلەکەمان تاقیدەکەینەوەو ئەنجامەکانی تاوتوێ دەکەین.

ئەم مۆدیلە پێك دێت لە سێ ڕەهەندی بەجیهانیبوون (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئابووری و بەهاکان) کە دەبنە گۆڕاوە سەربەخۆکانی توێژینەوەکە و کاردەکەنە سەر بونیاد و ئەرکی خێزان. هەروەها کاریگەریی دەکەنە سەر گونجان لەگەڵ بەجیهانیبوون و بەرەنگاربوونەوەی بەجیهانیبوون ئەمەش دەکرێت بەشێوەی ڕاستەوخۆ بێت یان لە ڕێگای ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە بونیاد و ئەرکی خێزاندا دروستی دەکات، واتە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ.




شێوەی (١): مۆدیلی تیۆری توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە . لەلایەن توێژەرەوە

## باسی چوارەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان، ڕاسپاردەکان و پێشنیارەکان:

### یەکەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان

هەروەها لێردا باس لە پوختەی ئەنجامەکان، ڕاسپاردەکان و پێشنیارەکان دەکەین کە توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێکی گشتی گرینگ گەیشتووە کە ئەمانەی خوارەوەن:

١. هەرێمی کوردستان لە ڕەهەندی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئابووری و بەهاکانەوە تێکەڵاوی پرۆسەی جیهانگیری بووە. بەم شێوەیە کوردستان گرێدراوی ئەم پرۆسە جیهانییە دەبێت و چاوەڕوان دەکرێت بەها نەریتییەکان بەرەو لاوازی بچن.

٢. خێزانی بچوککراوە بە تەواوەتی شوێنی خێزانی گەورەو درێژکراوە دەگرێت. ئەمەش بە پلەی یەکەم پێویستییەکی ئابوورییە.

٣. فاکتەرەکانی گۆڕانکاری لە پێکهاتەو ئەرکی خێزان بریتین لە ئابووری و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. بەها جیهانییەکان بەشێوەی بەڵگەدار لە نێو خێزانەکاندا نەچەسپاون. ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کەلێنی کولتووری کە دەکرێت کۆمەڵێك خەساری کۆمەڵایەتی لێ بکەوێتەوە. لە لە ئێستادا تارادەیەك ئەنجامەکانی لە زیادبوونی ڕێژەی کێشە خێزانییەکان و جیابوونەوەی هاوسەرەکان دەبینرێت.

٤. کەلێنی کولتووری و بەرەنگاربوونەوەی کولتووری پێکەوە، دەکرێت دوو ئەنجامی لێ بکەوێتەوە: لەلایەکەوە بونیادگەرایی لە کۆمەڵگای ئێمە لەسەر بنەمای ئایین و کولتووری زیاد بکات و لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵێك خەساری کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا بێنێت.

## دووەم: ڕاسپاردەکان و پێشنیارەکان:

### یەکەم:ڕاسپاردەکان

١ ئەنجامدانی توێژینەوە سەبارەت بە کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر خێزان و تاکەکانی خێزان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان یان شاری هەولێر بە تایبەتی.

٢-ئەنجامدانی توێژینەوە بۆ زیاتر گونجانی پرۆسەی جیهانگیری لەگەل پێکهاتەی خێزان و زیاتر وەرگرتنی بیرۆکەی جیهانگیری لە لایەن خەلکەوە.

٣ ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر بەرەنگاربوونەوەی کولتووری لە سەردەمی جیهانگیریدا بکرێت.

٤_توێنەوە بکرێت لەسەر خێزان و کاریگەری بە جیهانی بوون چی بووە، ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر خێزانی نەریتی یەوە هاتووە چی بوون و وە خێزانی نوێ کە دروست پوون چی یە، تاکی خێزان و ئافرەت تا چەند ئازادیەکانی دەستەبەر کردووە.

### دووەم: پێشنیارەکان

١. هەوڵ بدرێت ئاستی هۆشیاری خێزان بەرز بکرێتەوە لە ڕێگای کەناڵە جیاوازەکانی کۆمەلگاوە زیاتر کار بکرێت لەسەر گەنج و لاوان بۆ ئەوەی ئاستی ڕۆشنبیریان لەبەکارهێنانی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان و مەترسی خەراپ بەکارهێنانیان لێ ئاگادار بکرێتەوە.

٢.هەوڵ بدرێت گرینگی بە توێژینەوەی زانستی بدرێت لە بواری خێزان و پەیوەندی بە جیهانگیری بە جۆرێک نەک هەر بۆ توێژینەوە بێت بەڵکو دام و دەزگاکانی حکومەت سوود لەم توێژینەوانە وەربگرن پلانێکی تۆکمە دابرێژن بۆ چاکسازی و دووبار ریفۆرم بۆ هەموو سێکتەرەکانی کۆمەلگا کە جیهانگیری کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەریەوە هەیە.

٣.پێشنیاری توێژەر بۆ ئەو توێژەر و کۆمەڵناسانەیە کە دەیانەوێت گرینگی بە بواری جیهانگیری بدەن بەشێوەیەکی وورد کاری زیاتر بکەن بەشێوەی لێکۆلینەوەی بار (Case Study) لەسەر کۆمەڵێک نمونەی دیاریکراو بکرێت بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر وورتر بین لە توێژینەوەکان.

## سەرچاوەکان:


1. چواس، حسن، گوڕانی کۆمەڵایەتی، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٠.
2. حسن، د. ئیحسان محمد، تیۆرەکۆمەڵایەتیە پێشکەوتووەکان و. دیدار ئەبوزەید، عیراق، هەولێر، دەزگای چاپی روژهەلات، ٢٠١٢.
3. صادق، ئاری ئەنوەر، ڕۆڵی دەستەبژێری ڕۆشنبیری لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا، توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی ئەدەبیات، ٢٠١٧.
4. مجدی، ئەحمەد گل و عبداللە بەهرامی، بەجیهانیبوون، کلتوور، شوناس، عیراق، هەولێر، دەزگای موکریانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧.
5. البرزنجي،د.عبدالحميد علي سعيد، دور ثورة أيلول 1961_ 1975 في حركة التغير الاجتماعي، العراق، دهوك، دار سبيريز للطباعة والنشر، ٢٠٠٧.
6. حسن ، عبدالباسط محمد، أصول البحث الاجتماعي، مصر، القاهرة، مطبعة الانجلو، ١٩٧١.
7. روبرتسون، رونالد، العولمة النظريه الأجتماعية والثقافة الكونية، ت:أحمد حمد محمود، دكتور انور امين، مراجعه وتقديم محمد حافض الدياب القاهرة، مصر، المجلس الأعلى للثقافة، ١٩٩٨.
8. ريم، عبدالوهاب اسماعيل، الوهن الأسري والعوامل المؤثرة فيه: دراسة ميدانية في مدينة الموصل، جامعة الموصل، كلية الاداب، ٢٠٢٠.
9. عباده، د. مديحه أحمد ، علم الاجتماع العائلى المعاصر، مصر، القاهرة، دار فجر للنشر و التوزيع، ، ٢٠١١.
10. قاسم، جميل، العرب وما بعد الحداثة (نقد الفكر السياسي)، لبنان_ بيروت، الطبعه ١، دار النهضه العربية ، ٢٠٠٦.
11. القصير، عبدالقادر ، الاسره المتغيره فى المجتمع المدينه العربيه ، لبنان، بيروت، دار النهضه العربيه ، ١٩٩٩.
12. گيدنز، أنتونى ، علم الاجتماع، ترجمة د. فايز الضيائع، ط٤ ، مركز دراسات الوحدة العربية، ٢٠٠٩.
13. الهيتى، د.صبرى فارس، الجغرافيا السياسى، دار الكتاب الجديده المتحددة، بيروت، ٢٠٠٠.
14. Horn, A. S, Oxford E_E Dictionary Oxford University press Oxford Great Britain, 1984.
15. Moore, Wilbert. E,, "Social Change", In the International Encyclopedia of Social Sciences, Crowell Collier and Macmillan Inc, 1968, New York, Vol. 14.
16. Jary, D. and J. Jary, Social structure, in "The Harper Collins Dictionary of Sociology", New York: Harper Collins, 1991.
17. Wallershtine,I. The Rise and Future Demise of Word Capitalist System Comparative Student in Socity Nistory 1974; p38-39
18. Giddiens, Anthony,. Runaway how globalization in shopping alives wold profile books Lt a London.2002
19. Spencer, H, First Principles of a New, System of Philosophy, New Yourk, Dewitt, 1988.
20. Spencer, H. The Evolation of Society, Chicago, Chicago Univ. Press 1967.
21. Fridman, Thomas. L. The Lexus and the Olive Tree, Newyork. 1999.

**The Theories of Globalization in Changing Family Structure**

**(A Field Study in the Erbil City)**

**Abdulhameed Ali Barzinchi**

**Sociology Department, Colage of Arts, Salaaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.**

**E-mail: : abdulhameed.barzinchi@su.edu.krd**

**Pakzad Nazhad Aziz**

**Sociology Department, Colage of Arts, Salaaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.**

**E-mail: : pakzad.aziz@su.edu.krd**

**Abstract:**

In this research, the researcher is trying to focus on the theories of the globalisation phenomenon in Kurdistan society, particularly on family and family structure in Erbil and the effects that families have faced in the globalization process.

The changes that have taken place in recent years in the humansociety, including the Kurdish community, have changed the structure of social, economic, family political, and family systems as a small unit of social structure in this The change has not been deprived and has affected the position of the family and the production of a healthy individual because the task of educating and raising generations from the family begins in the first place, so research on this subject is of particular importance.

Then we will talk about the Kurdistan Region to find out how much global influence has brought about change on The Kurdistan Community in all aspects and sectors of life of the changes that have occurred in the past in the Kurdistan Region.

The primary goal of this research is to find the theoretical directions of globalization by changing the structure of the family with the following objectives:

1. The direction of research participants on the global role in social change in family structure.
2. Measure the direction of the study's participants regarding the global role in changing family structure and duties.
3. Identifying obstacles and mechanisms for confronting or adapting families to the globalisation in Erbil and the effect of their deeds on them.

This study talks about the theoretical views of the study, which include three types of theories of globalization, the theory of social change and the theory of duty.

This research has been conducted in the direction of quantities that the governor will experience, which makes the researcher remain impartial to analyze the data from the method of describing the analysis aimed at collecting data and information for the purpose of polining and analyzing the outcome.

**Keywords**: Globalization, Social Change, Family, Structural of Family, Theory.